# بۆ رەنجدەری كوڕی دەرد لە ئەزموونی مافی مرۆڤ دەرناچی

نزار قەببانی وەرگێر : ح ئەیوب زادە

هاووڵاتیی بێ ولات

مەلی پەرەوازەی روبەری نەخشەی جیهان

ریبوارانی بێ وەرەقە... مردووی بێ كفن

ئێمە ستەملێكراوانی ئەم سەردەمەین

هەر حاكمێك دەمانفرۆشێ , پارەكەشی وەردەگرێ

ئێمەقەرەواشی كۆشكین

لە ژووریكەوە بۆ ئەویترمان دەنێرن

لە خاوەنێكەوە بۆ یەكیتر

دەستاودەستمان پێدەكەن

وەك سەگێ هەمووشەوێ وەردەكەوین

لە عەدەنەوە بۆ تەنجە

لە عەشیرەتێك دەگەریین وەرمانگرێ

لە خێرخوازێك بە شرەیەك دامانپۆشێ

لە حەشارگەیەك

زاروگەلمان بە دەورەوە

...

هاوولاتی لە وڵاتی ئەسرین و گرین دا

قاوەكەمان بە خوینی كەربەلا چێكراوە

نانمان تێكەڵ بە گوشتی كەربەلایە

خوراكمان ... خواردنەوەمان

خووخدەمان ... ئالاكەمان

گوڵەكانمان ... گۆڕەكانمان

پێستمان بە مۆری كەربەلا مۆر كراوە

هیچكەس لەم سارایە نامانناسێ

نە دارخورما, نە حوشترێ

نە خاك نە بەرد

نە هیند نە عەفرا

بەرگەی سەفەر ساختەیە
بیرو ڕا سەیر
ناومان لە نێو ناکا
ئە تۆ بڵێی نەفتخۆران بماننناسن
یان ئەوانەی ستەمکار و فرمێسک نۆشی؟
....          ....
بەندکراوی ئەو فەرمانەین کە حاکممان نووسیویەتی
گیرۆدەی ئەو ئایینەین کە ئیمامەمان شرۆوەی کرد
لە خەمخانە بەندکراوین ... سامانیشمان ئەوەی جوانە خەمگەلمانە
لە چاپخانە لەژێر چاودێرین... لە نیو ماڵدا هەروا
لە سکی داڵکماندا
لە هەرجێیەک کە ئیمە چووین پۆلیس مەخفی چاوەروان بوو
لە قاوەمان دەخواتەوە
لە نیێو نوێن و بانماندا دەنوێ
لە بن لووتمان سەوز بووە
نامەکانمان دەپشکنێ
ئەوراقمان تێک وەردەدا
بە کونە کەپۆماندا رادەچێ
لە کونی پاشمان دەردەکەوێ
زمان براو
سەر ... براوین
نانەکەمان بە فرمێسک و ترس تەر کراوە
گەر سکاڵا بەرین بۆ لای وەکیل
پێن دەبێژن... قەدەخەیە
ئەگەر لە خوا هاوار بکەین
پێمان ئێژن قەدەخەیە
ئەو پاسپورتەی داویانینێ گەرانەوەی تێدا نییە
ئەگەر داوای قەڵەم بکەین بۆ وەی ئاخر شێعری پێ بنووسین
یان ئاخر ووتەی ئاخر رۆژی ژیان

بەر لەخنکان
بابەتەکە وەردەگیرن باسی ناکەن
ئەی وڵاتی چوار مێخەکێشراو بە دیواری دزێویەوە
ئەی ئەو گۆیەی بەرەو قووڵایی دۆژە دەچێ
کەس لە ... بنی سەقیفت لە لا نییە
بەم وڵاتە تێقماوە پێشکەش بکات
شووشە خوێنێ
یان میزی متفەرک
...     ...
ئەی وڵاتی تێکشکاوم وەکو چروچیلکەی پاییز
وەک دار ئێمە هەڵکەندراوین لە جێی خۆمان
لە ئاواتمان, ئارەزووەکانمان هەڵپچراوین
چاومان لە دەنگمان دەترسن
حاکمەکانمان خوێنی کەسکیان لە لەش دایە
ئێمەش وەچەی قەرەواشین
مەزنەکانی حیجاز نامانناسن بەلەنگازی ساراش هەروا
نە بوو تەیب نانمان دەدا نە بو عەتا
ئەگە ستەمکارە ژنێ رابرد
کرنۆشمان بۆ برد
ئیمەی پەنابەر لە لە نگەرگەی رەنجین
کەس ئێمەی ناوێ لە دەریای بێروتەوە تا بەحری عەرەب
نە فاتمی نە قرمەتی
نە مەمالیک نەبەرمەکی
نە شەیتان نە مەلایک
کەس نایهەویین
کەس نامانخوێنێتەوە
لەو شارانەی کە بوونەتە جیگەی دەوڵەتی ئەدەب
ئێمە ریونگین لە پاپوری دەستە و تاقماندا
سەرکردەمان کریگرتەس

شێخەکەمان ڕێگر و چەتەس
لە قەوەزدا وەکو مشک بەندکراوین
بەندەرگەیەک وەرمان ناگرێ
ماڵێک نامانخوازێ
ژنێک  ئێمەی ناوێ
پاسپورتێکی کە پێمانە
هی شەیتانە
ئەوەی کە دەینووسین
سوڵتان پەکی پێی ناکەوێ
ئیمە ڕێبوارانی شوێن و زەمان
ئەوەی بوومان لە دەس چووە
نە بوو هاشم دەماننناسێ ... نە بوو شەیتان
نە بوولێنین نە بوو ڕێگان
وڵاتەکەم هەموو مەلێک لانی هەیە
جیا لەوانەی  وێڵن بە دوای ئازادیدا
ئەوان دەبی بمرن بە بێ وڵات

نزار قەببانی
وەرگێر : ح  ئەیوب زادە **08.9.2003**

## بۆ بیمەسەر شەقامە ریت

کە من گەڵای با بردەڵەی بێ لانە بم
کەمن ئاوی ڕۆرژاوی گوێسوانەبم
بۆ ببینم بە چاوی خۆم
خەم من بخوا و من خەم بخوم
لەریبازت  راونراو بم
لە بەر دەرگات دەرکراوبم

بو ببیسم قاقای فەخرت
فەرمان دەستور ئەمرت,
کە راوم نێی تا ئەو پەری دەشتی قەهرت
من بۆ ببمە کۆنە ئاشنای هاوسایەی تو
بەدەیان ساڵ دوور بم لە تۆ
یەک ئیشارەت بۆ من بەسە
راکەم راکەم لێت دوور کەوم
لەو جیهانەی ئەتو تێیدایوەدەرکەوم
خوم نەناسم هەڵیم لە خوم
مەگەر خەڵک بە من بڵیین کەمن هەوم
بو بێمە سەر شەقامەریت
بو من ببمە کۆسپی بەر پیت
کە من نەمبێ رێز و حورمەت
یاریم پێبکەی وەکو هەڵمەت
بو بیمە سەر شەقامەریت
بوچی ببمە خاکی بەر پیت
ئیتر لەمەزرای دڵ, گوڵ ناچێنم
داری عومرم بە بای بەژنت ناشەکینم
بەجیدیلم ئەم ژیانە پر هەژانە
کە توم نەبی جیهانی چی ئەمە ژانە

ح. ئەیوب زادە